# ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ووشەی ماف داهاتووە



**خەرمان کریم هیرانی**

**بەشی کۆمەڵناسی / زانکۆی صلاح الدین**

ووشەی ماف لەهەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی شارستانیەتی بەشێوەیەك و ڕوانگەیەك باسیان لێوەکردووە. بۆیە هەر لە سەرەتاوە باسی هەندێ شارستانیەتی کۆن دەکەین سەبارەت بە باسکردنی ووشەی (ماف) بۆ نمونە/ لە شارستانیەتە کۆنەکان، لە شارستانیەتی یۆنانی، فەیلەسوفانی یۆنانی (ئەرستۆ، ئەفلاتون، سوقرات) بەم شێوەیە باسیان لە (ماف) کردووە، فەیلەسوف (ئەرستۆ) مافی بەوە پێناسە کردووە کە (توزیع)ە، واتە دابەش کردن، لە کتێبی (سیاسە) کە لە دوو بازنە دەخولێتەوە، یەکەمیان (توزیع) و دووەمیان (اصلاح)، واتە یەکێکە لە پرۆسەی ئابوری کە بەرهەم هێنان و بازار گەیاندن و قازانج دەگرێتەوە (ئەرستۆ) پێی وابوو کە دەبێ دابەشکردن بە یەکسانی هەبێت لەناو کۆمەڵ، هەموو مرۆڤێك مافی لە دابەشکردنی یەکسانی هەیە لەناو کۆمەڵ لە هەموو رووێکەوە لە رووی ئابوری، سیاسی، رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی.... هتد.

لە کتێبی (جمهوریە)ی ئەفلاتون، ئەرستۆ، دەڕوانێتە ئەم ووشەیە وەك (یەکسانی) ئەو یەکسانیە ئەوەیە کە مرۆڤ لەسەرەتای لە دایك بوونی وەری دەگرێت تاکو دەمرێت، و لەگەڵ مردنی ئەم مساواتە نامێنێ، بۆیە (ئەرستۆ) پێی وایە لە رووی (اصلاحی) چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤ دەبێت لەگەڵ گەشەکردنی بیری کۆمەڵایەتی بێت، چونکە ئەگەر (ماف)تەنها دابەشکردن بێت ئەوا کێشەکە چارەسەرناکات و ململانێ دروست دەکات لە نێوان خەڵك، بەڵام (اصلاح) واتە دۆزینەوەی چارەسەری بۆ ئەو پێشێلکاریەی کە بۆ ماف دەکرێت، کەواتە ماف لەلایەن یۆنانی کۆن تەنها مافی دەسەڵاتداران بوو ئەویش بۆ چینی (ئەشرافەکان — جەنگاوەری باش) بوو، و ئەو ئیمتیازانانەی بە ئەوان دەدرا زۆربوون لە کاتێك چینی هەژاری بێ بەش بوون لەم ئیمتیازاتانە، کەواتە ووشەی (ماف)لکاوە بە سەرچاوەی هێزەوە، دواتر لە سەردەمی رۆما پێشکەوتنی گرنگ روویدا پەنایان بردەبەر (مافی سروشتی) کە لەسەدەکانی ناوەڕاست دەرکەوت، کە پیاوانی ئایینی هەموو امتیازاتیان پێ درابوو، لەم سەدەیەدا بوو مرۆڤ ئیتاعەی بۆ (ولی ئەمری) هەبێ کە لەباوك دەست پێدەکات تا دەوڵەت، بۆیە گوێرایەڵی لەم سەردەمە زۆر گرنگ بوو لە بەرگریکردن و فیداکردن، هەر بۆیەش بیری فەلسەفی رۆژ بە رۆژ پێشکەوت هەر لەو کاتەی کە ئەو کتێبەی بەناوی (بەرگریکردن لە ماف) بڵاوکرایەوە کە پیاوێکی قەشە نووسیویەتی سەبارەت بە ماف و زوڵم و زۆرداری دەسەڵات لەو کاتە، بەڵام ناوی خۆی تیایدا بڵاونەکردبۆوە. بۆیە زانایان (هوبز، جان لوك، جان جاك رۆسۆ) سوودیان لەم سەرچاوەیە وەرگرتوە کە باسی مافی کۆیلایەتی تیایدا کرابوو. هەروەها زانا (ولیام او کامی) پێی وابوو کە (حەق — مافە) واتە راستی یە، پێی وایە مافی مرۆڤ بریتیە لە توانای کارکردن بە پێی یاسای سروشتی واتا ئەو کەسانەی مافیان هەیە کە دەتوانن کاربکەن، واتە (بدن) دەکاتە پێوەر، واتە ئەو کەسەی بەرهەمی زیاتر ئێستا دەبێ مافی زیاتر بێ. دواتر رۆژ بەرۆژ بیری مرۆڤ پێشکەوت وای کرد بۆچونیان بۆ چەمکی ماف بگۆڕدرێت، بۆیە لە (فیلادلفیا) کۆنگرەیەك بەسترا لە ویلایەتێکی ئەمریکی کە ئەو کاتە (٩) ویلایەت بوو. ئەمانە پشتیان بەست بە (یاسایی سروشتی)، بەڵام پێیان وابوو کە تەنها ئەم یاسایە ناتوانێ پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ بکات، چونکە حوکمی سروشتی بە یەکجاری حوکم بە ئارەزووەکانی مرۆڤ ناکات، کەواتە مافی مرۆڤ لە گۆڕانکاری دایە، وەکو خۆی نامێنێ، سەرەڕای ئەوەش پێداویستی مرۆڤ لە جێگای خۆی نیە و رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێت.

وشەی ماف گۆڕانکاری زۆری بەسەر داهات تا ئەو ساڵەی کە تیایدا بۆ یەکمجار (جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ) لە ١٩٤٨/١٢/١٠ لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان راگەیاندرا، کە پێشتر مافەکانی مرۆڤ هەرجارە و بە شێوەیەك بوو، بەڵام دوایی ئەم ساڵە بە پێی پەیمان و رێکەوتن بۆ مافەکانی مرۆڤ کە مافەکانی گشتی و لایەنەکانی تر بگرێتەوە لەم جاڕنامەیە دەستنیشانی (٣٨) ماددەکراوە لە لیستەکە، بۆیە لیستەکە (٣٠)ماددەی تێدایە، بەڵام (٨) مادەی ماوەن کەوا مافی مرۆڤن، ویستەکانی مافی مرۆڤ کردی بە دووبەش ئەویش (پێداویستی سەرەکی و پێداویستی لاوەکی) یەکەمیان (مافەکانی مەدەنی و سیاسیە) دووەمیان (مافەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یە).

**سەرچاوە/د. صلاح محمد عزیز/ مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان /چاپی یەکەم ٢٠٠١**

ئەنتەرنێت/ **www.amnestry.arabic.org**